Kurdistan.net کوردستان نێت

KOC

Kirkuk Ontwikkeling Centrum

ناوەندی گەشەپیدانی کەرکوك

http://www.kirkukcentre.org

E- mail : kirkuk@kirkukcentre.org

KVK Rotterdam 24312091

Giro : 4425470

---

بۆ بەرێز مام جەلال ، سەرەک کۆماری ئێراق و ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

سڵاوێکی گەرم..

بابەت / خیانەت

بەروار / 2005-10-16

ژمارە / 08- 102005

گووتەی بەرێزتان لە کۆنگرە رۆژنامە نووسیەکەی 2005 /09/30 دا ، سەبارەت بەبە ناوبردنی ئەوکوردانەی کە لە کەرکوکەوە دەگەرێنەوە بۆشارەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە( **خائن** )، وئاگادارنەبوونیشتان لە گەرانەوەی هەندێک لە **عەرەبی تەعریب** لە شارەکانی ناوەراست و باشوور بۆ ئەو کەرکوکەی کە بەرێزتان بە قودسی کوردستانی ناودەبەن. بووە جێی سەرسورمان ورووژاندنی بیروبۆچوونی هەموو ئەندامان ودۆستانی ناوەندەکەمان و رووشانی هەست و ئەندێشەوگوورو تینی کارکردنیان بۆ کەرکوکی خۆشەویست.

ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوک لە هۆڵەند ، نیگەرانە بەگەرانەوەی ئەو کوردانەی کە دەگەرێنەوە بۆ شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ، وە دڵگرانیشە بەوەی کە بەرێزتان حوکمی خیانەتتان دایە پاڵیان. کەرکوکیەکان ، کەنزیکەی زیاتر لە نیو سەدەیە، قەڵغانی پێشەوەی بەرگری ورەمزی قوربانیدان بوونە، بۆ سنوورو نەتەوەی کورد لە دژی هێرشی حکومەتە کۆنە پەرست و شۆڤینیە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق کە بۆ کوردستانەکەمانیان هێناوە. چەندین داستانی نەبەردی و خۆراگرییان بۆ بوونیان وکوردبوونیان و کوردستانیبوونی شارەکەیان لە مێژووی کوردایەتیدا تۆمارکردووەو دەیکەن.

هەر بۆیە ناوەندەکەمان لەکاتی بەستنی کۆنگرەی چوارەمیدالە ئۆکتۆبەری 2005 دا لە شاری رۆتردامی هۆڵەندا، بەزۆرینەی دەنگ بریاری دا کە روونکردنەوەیەک لەلایەن بەرێزتانەوە قەبووڵ بفەرموون سەبارەت بە هۆکاری گەرانەوەی ئەو کۆمەڵە کەرکوکیەی کە بۆ شارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەگەرێنەوەو بەرێزتان بە خائنیان ناودەبەن.

**ئایا لە رووی یاساییەوە( تۆمەتی خیانەت ) بەسەر ئەو کۆمەڵە کەرکوکیەدا کە گەراونەتەوە بۆ شارەکانی تری هەرێمی کوردستان سەپێندرا؟ یان مەحکوم کران ؟ یان هەرلە گووتە سیاسیەکانی بەرێزتاندا بە تۆمارکراوی دەمێنێتەوە؟.**

لەگەڵ رێزماندا

ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوک

هۆڵەند

---